# لە نێوان هیواو متمانەدا

تا ئەو کاتەی شتێک هەبێ و لەپێناویدا بژیت، ژیان بوونی هەیە، چونکە مرۆڤ بونەوەرێکی دەروونیە، خاوەنی کۆمەڵێک ئایدیاو خواستی ناوخۆیەتی، هەندێکجار تاکە هیوایێک کە بەرهەمی ناخی خۆیەتی لەگەڵ ژیان یەکسانی دەکات و لەپێناویدا تێدەکۆشێ.

وەک دەگوترێ مرۆڤ لەگەشتێکدایە بۆ بەکردەیی کردن و خۆماڵی کردنی دەنگەکانی ناخی، کە ئارامبەخش و نارەزاییەکانیەتی. هەندێکجار واقیع بەربەست لەبەردەمی دادەنێ و سەرسامی دەکات. بەوهۆیەوە دەکرێ هەر لە دەستپێکدا بپرسین؛ تاکەی مرۆڤ بە هیواکانیەوە بەند دەبێ؟! ئایا هەموو هیواکان پاساوێکن بۆ چاوەڕوانی؟! چەند کات بۆ بەدیهێنانی هیواکان بەفیڕۆ دەچێ؟!

هەرچەندە کە ئەمانە پرسیاری گشتین، بەڵام دەکرێ کورتی بکەینەوە و بە کۆمەڵگەی کوردەواریەوە پەیوەستی بکەین، وەڵامێکی سادە دەبینینەوە، دەکرێ بڵێین لەبەر هۆکاری جۆراوجۆرەوە تاکی کورد ناتوانێ وەک مرۆڤێک لە کاتی ئاشتیدا بۆ ئاشتی بژی! چونکە سیاسەتمەداران لە ڕۆژانی ئاشتیدا بیر لە جەنگ دەکەنەوە. ئەمەش لە ڕەوشی سروشتی خۆی تێپەڕی کردووەو بۆ نێو ژیانی هەموو تاکێکی کورد شۆڕبۆتەوە، کەچی نایپێکێ.

ئەگەر بڵێین منداڵی کورد لە منداڵانی نەتەوەکانی دیکە زیاتر پێویستی بە پەروەردەکردنی تەندروست هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕەوشە تایبەتیەی کە هەیەتی و حەز بە گەورەبوون دەکات، دەکرێ ناوی بنێین میراتی مرۆیی ئێمە بەباری نەگونجاندنی زەمەنەکان لەگەڵ شوێنەکان تێپەڕدەکات.

بارودۆخی مرۆڤی کورد لە دوای ١٩٩١ کە بە ڕاپەڕینێک نەک تەنیا شێوازی دەستەڵاتی گۆڕی، بەڵکو شێوازی ژیانیشی گۆڕی، توندوتیژی و پەرچەکرداری بە لووتکە گەیاند. ڕاستی ئەمەش لە شەڕی نێوخۆدا بەرجەستەبوو، بەڵام تەنیا دەرگەیەک نیە تا بە ڕاستی حاڵەتی ئێستا ئاشنامان بکات. بۆ تێگەیشتن لە حاڵەتی ئێستامان، دەبێ بۆ جیهانگیری بڕۆین، چونکە کاریگەری زیاتری هەیە، سەروکاری لەگەڵ هەموو کایەو بوارێکی ژیانی کۆمەڵگەدا هەیە. کاتێ کە مۆدێلی کولتوری جیهانی بەباری کەماڵ دەگات و وەک نموونەی باڵا چاوی لێدەکرێ، ئیدی ئەو نەتەوانەی کە مێژینەی کولتوری تایبەتمەندی جیهانیان هەیە، بەخت و چانسی زیاتریان دەبێ، ئەمەش خۆی لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە، بەڵام نەتەوەیەکی وەکو کورد بۆ ئەوەی بەشێکی کارای ئەو کولتورە بێ، دەبێ بەدوای ناسنامەدا بگەڕێ. وەک سامۆیل هانتیکتۆن دەڵێ ئێمە کێین؟! کەباس لە قەیرانی ناسنامە لە هەموو جیهان دەکرێ، وەک ئەوە وایە کە باری هەموو ئەمانە بەسەر نەتەوەی کورد درابێ. وێڕای ئەمانەشەوە، ئەمە هەموو کێشەکە نیە، چونکە قەیرانێکی دیکە خۆی مەڵاسداوەو دەپرسێ: 'ئێمە بۆ هەین؟!' ئەمەش ئەو شوێنەیە کە دەبێ بۆ ناو ژیانی ئاسایی تاکەکانی کورد بهێنرێتە خوارەوە.

لەنێو ئەو ڕەوشەدا ئێمە ناتوانین فلتەر دابنێین، لەوە زیاتر بارودۆخی کولتوری و کۆمەڵایەتی تێک بدەین. هیوای ئێمە لەنێو جوگرافیای ئەو قەیرانەدا زیاتر لەشێواوی ڕۆدەچێ. بۆیە دەکرێ بپرسین: ' لەم کۆمەڵگەیەدا هیواکان، مرۆڤەکان هیوادار دەکەن؟! یان لە زووەوە فێری بابەتێک دەبێ کە ئەمانە بوونیان نیە؟!' ئەگەر ئەمەی دوای ڕاست بێ، بەڵام پاساوێکی خۆشحاڵکەر نیە تا مرۆڤ دەستبەرداری هیواکانی بێت.

کاتێک کە مرۆڤ لەگەڵ هیواکان دەستەویەخە دەبێ، دەبێ بەبەشێک لە هیواکانی. ئەمەش بوار بۆ بابەتێکی بەرفراوان دەڕەخسێنێ.

لە دوای سیستەمی نوێی جیهانی و پەیدابوونی گۆڕانکاری لە واتای (دەوڵەت – نەتەوە)دا نەک تەنیا کاری لە فکری سیاسی کورد نەکردووە، بەڵکو تاکی کوردی دووچاری قەیران کردۆتەوە، چونکە هیچ نموونەیەکی هاوشێوەی خۆی نابینێتەوە، کاتێک زۆربەی نەتەوەکان لەهەوڵی ئەوەدان بەو شێوەیە بن کە خۆیان دەیانەوێ، کەچی واقیعی کورد بەو شێوەیە کە پێیکراوە، ئەمەش زیاتر بە هیواکانی نامۆ کردووە.

لەنێو ئاپۆڕای مرۆڤی مۆدێرندا کە ئێمە بە بنەما فیکریەکانی نامۆین، زیاتریش بێ هیوا بووینە. کاتێک گەورەترین کۆسپ کە مرۆڤی مۆدێرن لەسەدەی بیستەمدا خرایە بەردەمی، ئەوەبوو ترسی لە سزدان نەبێ و ئومێدی بە پاداشت کردنیش نەبێ. بۆیە دەستی بۆ هەمو شتێک دەبرد، لەبەر ئەمەش بوو کە نووسەری ناوداری ئەڵمانی (هانا ئارێنن) لە کتێبی **بنەماکانی تۆتالیتاریزم** دا بە وردی بیری لە بابەتێکی ترسناکی وا کردۆتەوە، باسی لە نەهامەتیەکانی مرۆڤەکان کردووە، کە لە سایەی ڕژێمە تۆتالیتاریەکاندا لەبازنەیەکی داخراودا دەگوزەرێنن، جگە لە دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ ئەو ڕژێمانە، هیچ شتێک شک نابەن. نووسەر لەو بوارەدا دەنووسێ: 'مرۆڤی هاوچەرخ خراپترین شتی لە دەست دا کە ترس بوو، باشترین شتیشی لە دەستدا کە هیوا ئومێد بوو'

لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی کوردەواری دوای ڕاپەڕین و دوای ڕووخاندنی بەعس دووچاری هەمان حاڵەت هاتووە. بۆی دەرکەوتوە کە توانای لابردنی هەیە، بەڵام نەک خراپەکان، هەروەها توانای دروستکردنی هەیە، بەڵام دروستکردنی ژیانی چاک نا.

لەو شوێنەی کە پەرێشانی باڵی بەسەر واقیعی کردنی هیواکان کێشاوە، دەبێ مرۆڤەکانیش بە خۆیان دابچنەوە، لە کاتێکدا کە مرۆڤ خاوەنی عەقڵێکی گشتی و بەکۆمەڵە، کەچی ناچار دەکرێ کە بیر لە تایبەتمەندی خۆی بکاتەوە، داخوازیەکانی خۆی کورت بکاتەوەو دانوستاندنی لەسەردا بکات و بەکەمیش ڕازی بێ.

هەرچەندە کە ئەوانەی لە سەرەوەدا باسکران، هەموویان بە قەد ئەوەی کە ئەدەبین ، تەواو زانستی نین، بەڵام ئێمە دەمانەوێ باس لە ئەنجامەکانی ئەو کارانە بکەین کە مرۆڤەکان لە ڕەوشێکی هاوشێوەدا هەڵسوکەوت دەکەن، بەکورتی لەگەڵ دەرئەنجامەکانیدا دەرگیربین، نەوەک پێناسەکردن و شیتەڵکردنی بابەتەکانی. ئەم کارە لە بۆنەیەکی تردا دەکرێ قسەی جدی تری لەسەر بکرێ و زیاتری لەسەر بنووسرێت.

ئێمە زانیمان کە لەسایەی ڕژێمە تۆتالیتاریەکانیشدا گرنگە کە مرۆڤ دەستبەرداری هیواو ئاواتەکانی نەبێ، لەم ڕوانگەیەشەوە لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری پێویستە کە بێ هیوا نەبێ، لە پێناو کرانەوەو پێداچوونەوەدا خزمەت پێشان بدات، بەڵام گرفتی ئێمە ئەوە نیە کە ناتوانین بەهیوا بین یان پێویستمان بەوە نیە، بەڵکو متمانەکردنمان لەدەست داوە، لەوانەیە متمانە نەکردن لە بێ هیوایی سەرچاوەی گرتبێ. لەجێگەی ئەمەش متمانەکردن بە ترس باڵای کردووە، ئەمە تەنیا هەمووی کارەساتەکە نیە، بەڵکو بێ ئیرادەیی زیاتر لە هیواکان متمانە پێکراوترە. نەوەیەک بەرهەم هاتووە کە خەم ناخوات لەسەر ئەو خەمەی بەسەر شانیەوەیەتی. لەهەر جێگەیەکدا خەڵک بەو شێوە گوزەر بکات و متمانە بەسەرەتاییترین خواستەکانی لە دەست دەدات، ناشتوانێت وەک مرۆڤێک بژیت کە حاڵەتی ڕاکردنی لە خۆی هەبێ. مرۆڤ ناتوانێت بەردەوام بەم شێوەیە بژیت، چونکە سەرەنجام هەموو ئایدۆلۆژیایەک جێگەی خۆی لەنێو کۆمەڵگەدا دەکاتەوە، کە لەوانەیە ئاکامەکەی هەڕەشەکردن بێ لە ئەندامەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیدا.

ئەگەر ئەو لێکدانەوەیە ڕاست و زانستیش نەبێ و ڕەوشی کۆمەڵگەی کوردەواری دەرنەخات، بەڵام هێشتا دەکرێ بڵێین کە ئێمە باجی هەڵەیەک دەدەین کە خەڵکانی ئاسایی دەستیان تێدا نیە، بەڵکو دەستەڵاتداران خوڵقاندوویانەو بەرهەمیان هێناوە.

لە کۆتاییدا دەکرێ بگوترێ وێڕای هەموو ئەو نەهامەتی و کۆسپانەی کە لەگەڵیدا ڕەفتار دەکەین، هێشتا دەکرێ کە ڕێگەیەک بۆ دۆزینەوەی هیواو خەونەکانی داهاتوومان بدۆزینەوەو لە پێناویدا تێبکۆشین، تەنانەت ئەگەر چارەنووسی داهاتوو شتی دیکەشی نووسیبێتەوە!!



کامەران محەمەد

# مێژوو کوردستانیبوونی کەرکوک دەسەڵمێنێ

م. حەمید عەزیز بەشی دووەم

لەڕاستیدا باشووری کوردستان لەگەڵ وولاتی عێراقدا سنوری ڕاستەقینەی خۆی دیارە پێش پەیمانی لۆزان ( ١٩٢٣ ) وپلانی ئینگلیزو فەرەنسا و تورکیا بۆ دابەشکردنی کوردستان سنوری باشووری کوردستان لە شاخی حەمرینەوە دەست پێ دەکات کەنزیکەی ( ١٣٠ کم ) ( حەمرین / بەغداد ١٣٠ کم ) بەرەو باکووری بەغداو ئەولای کەرکوکە بەڕووی عێراقداو بەغدادا کەپایتەختی عێراقەو سنوری حەمرین ( ١٢٠ کم ) ( حەمرین / کەرکوک ١٢٠ کم ) دەبێت بەرەو کەرکوک کەواتە دووری شاری کەرکوک بۆ شاری بەغداد کە پایتەختی عێراقە ( ٢٥٠ کم ) دەبێت.

***

لەکات و سەردەمی دەوڵەتی پاشایەتی عێراق و لەسەردەم و کاتی دەسەڵاتی فەیسڵ پاشای یەکەمەوە ( الملک فیصل الاول ١٩٢١)هەروەها سەردەمی کۆماریی دەوڵەتی عێراق ( ١٩٥٨ ) لەوسەردەمەوەو هەتا ئێستا دەسەڵاتی عێراق و عارەب چاویان هەرلەسەر شاری کەرکوک بووە کەئەکاتە هەشتاو حەوت ( ٨٧ ) ساڵ پێش ئێستا ئەمە بێجگە لەوەی کەدەسەڵاتی توورک لەمێژە لەسەردەمی عوسمانلییەکانەوە هەتا ئێستا (١٥١٤ / ٢٠٠٨ ) چاوی داگیرکردنی لەسەر شاری کەرکوکە . ئەو دەسەڵاتە شۆڤێنیی و ڕەگەزپەرستە یەک لەدووا یەکانەی عێراق بەبەرنامەو پلان دانان عارەبیان لەباشووری عێراقەوە بۆ شاری کەرکوک هێناوە بەمەبەستی شۆرینەوەو سڕینەوەی هەموو بەڵگەنامەکانی کوردبوونی کەرکوک ( تعریب ) ( Ethnic Cleansing ) بەتایبەت لەسەردەمی بەعسدا ( ١٩٦٨ / ٢٠٠٣ ) وەهەروەها لەسەردەمی دەسەڵاتی ( ئەیاد عەلاوی و ئیبراهیم جەعفەری و نوری مالکی ) دا ( ٢٠٠٣ / ٢٠٠٨ ) هەمان کاری بەعارەب کردنی کەرکوک بەردەوام بووە . وواتای ئەوەیە دەسەڵاتە شۆڤێنی و ڕەگەزپەرست و کۆنەپەرستەکانی یەک لەدووایەکی دەووڵەتی عێراقی چاوی پیسیان لەسەر ئەم شارە کوردستانی یە نەتروکاندووەو بەئاسانیش لێی ناگەڕێن بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان بۆیە ئیبراهیم جەعفەری لە سایتی ( العراقية ) دا لەبەرواری ٢٠٠٨/٨/١٣ ی ڕۆژی چوارشەمە ووتویەتی : کەرکوک شارێکی عێراقی یەو گفتووگۆی زیاتر هەڵناگرێت . دەستە خوشکی کەرکوک زۆرن کەبەعارەب و بەبەعسی ( تعریب و تبعیث ) کراون و دڵ و چاوی کوردستانن وەکو شاری خانەقی و مەندەلی و شەنگال و .. هتد . دەووڵەتی عێراق بەدرێژایی ( ٨٧ ) ساڵی ڕابردوو سودی لەهەڵەو براکووژی و ( fratricide ) بیری تەسکی بەرژەوەندی تایبەتی و بەرژەوەندی پارتایەتی ناوخۆی گەلی کوردی بینیووە بۆیە لەدووای نەمان و ڕوخانی بەعسی عارەبی بەناو سۆسیالیستی ( ٢٠٠٣ ) کە شیعە دەسەڵاتدارە تێیدا ئێستا سوودی لە شەڕی ساردی یەکێتی و پارتی بینیووە بۆ داگیرکردنی ناوچە کوردییەکان لەهەرێمی کوردستاندا وەکو کەرکوک و خانەقی و شەنگال و مەندەلی و .. هتد . کەچی دەسەڵاتی کوردی سوودی لەوە نەبینیووە کەدەووڵەتی عێراقی نوێی دووای سەدام کە ساڵی ( ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ ) ە و بێ هێزە لەڕووی ئابووری و سەربازییەوە دەتوانرێت کاری باشی ڕامیاری یان سەربازی بکرێت بۆ هێنانەوەی ناوچە داگیرکراوە کوردییەکان بۆسەر هەرێمی کوردستان بەڵام نەکرا ئەویش لەبەر بەرژەوەندی پارتایەتی و کێ برکێ و جەنگی بەرژەوەندی خۆیی نێوان پارتە کوردی یەکان بووە هۆی لەدەست دانی گرنگترین ناوچەکانی ئابووری و ماکی کورد کە کەرکوک و خانەقی و دووای ئەو هەموو ڕەخسانی بوارو کاتەی کەلوواوە بۆ کورد لەکیس خۆمان دا ئێستا دێین شیووەنی بۆ دەگێڕین و دەسەڵاتی کۆنەپەرستی عێراقیش وەکو یاری بەهەستی کورد بکات و بابەتی ( ٥٨ ) لادەبات و دەیگۆڕێت بۆ ( ١٤٠ ) و ئەویش بەبڕیاری کۆمەڵێک شۆڤێنیستی ناو ئەنجومەنی عێراق دەیگۆڕێت بۆ یاسای ژمارە ( ٢٤ ) و لەشێوە کودەتایەکی ڕامیاری دەچێت و ئەم پلانەش بەسەرۆکایەتی ( مەشهەدانی ) دەبێت کەسەرۆکی ئەنجومەنی عێراقە ئەم کارەی لەوە دەچێت وەکو منداڵ بخەڵەتێنێت ئاوایە . بەڕاستی و دروستی لەبەرئەوەی کورد لەیەکەم ساتەکانی ( ١٩٩١ / ٢٠٠٣ ) کەدووجار کەرکوکی ڕزگارکرد بەخوێنی پێشمەرگەو هەژارانی میللەتی کورد کەچی کەرکوکی نەخستە سەر هەرێمی کوردستان کەلەکاتێکدا هیچ دەسەڵاتێک لەبەغدا بوونی نەبوو کەئەوەشیان نەکرد دەبوایە هەر هیچ نەبێت یەکێتی و پارتی و پارتە ووردەکانی تری کوردستانی بەکاری ڕامیاری و بەرنامەی جوان لەناو شاری کەرکوک و خانەقیدا و جێگەکانی تری داگیرکراوماندەتوانرا تورکومان و عارەب و ئاشووری و کلدان و مەسیحی و ئەوانی تریش بکرانایە بەدۆستی کوردو خۆیان دەسەڵاتی بەغدایان ڕەت بکردایەتەوەو دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردیان هەڵبژاردایە بەڵام مخابن تاڕادەیەکی باش ئەویش نەکرا . بەداخەوە زیاتر لەسەدەیەک خەبات و تێکۆشان فێری کاری ڕامیاری و زانستی کاری ڕامیاری ( العلم السياسة ) ( Politics Science ) بەرنامە دارشتن و سەرنجی خەڵکی لەکاری باش و پێکەوە ژیانی بەرژەوەندی هاووڵاتی کوردو نیشتمان نەبووین .

لەسەردەمی پارتی بەعس و هاتنە سەرکاریان لەماوەی ( ٤ ) چوار ساڵدا و بەناوی خۆماڵی کردنی نەوتی عێراق ( التاميم النفط ) لەدەست داگیرکەری ئینگلیز ( ١٩٧٢ ) ناوی شاری کەرکوکیان گۆڕی بە ناوی ( التاميم ) و بۆ ئەوەی لەدووارۆژدا بیکەنە بەڵگەی تەوواوی عەربی و عێراقی بوونی ئەم شارەو بەتەواوی داگیری بکەن . هەوڵێکی شۆڤێنستی تری دووڵەتی عێراق ئەوەبوو هەڵستا بە گۆڕینی ناوچەو نەتەوەی کورد ( دیموگراف ) مەبەست لەم زاراوەیەش گۆڕینی ناوچەکە بە ناوو نەتەوەوە لەکوردی یەوە بۆ عارەبی بەمەبەستی داگیرکردن بۆ نەوەی داهاتویان بۆ نموونە : گۆڕینی نەتەوەی کورد ( Barter ) بەعارەب و گۆڕینی ناوی ناوچەکان و گەڕەکەکانی کەرکوک لەکوردی یەوە بۆ عارەبی و گۆڕینی بیروباوەڕ لەکوردایەتییەوە بۆ بەعسێتی و ( تعريب ، تبعيس ، تبعيد ) هێنانی هەزاران عارەب لەباشووری عێراقەوە لەبەسرەو ناسری یەو نەجەف و .. هتد بۆ کەرکوک و بەخشینی پارەو زەوی و موڵک و هەموو شتێکی ماکی بۆیان لەپێناو جێگیربوونیان لەکەرکوک و بەمەبەستی گۆڕین و داگیرکردنی شاری کەرکوک بۆ دووارۆژی خۆیان و نەتەوەی عارەب . لەبەرئەوەی ئەم شارە زۆر دەووڵەمەندە لەباری ئابووری یەوە بۆیە دەووڵەت و دەسەڵاتە یەک لەدووا یەکەکانی عێراق ( ١٩٢١ / ٢٠٠٨ ) چاویان تێ بڕیووەو بەئاسانی وازیان لێنەهێناوەو لێی ناهێنن .

کەرکوک کوردستانە ئیدی دووژمن پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت من دڵنیام دووژمن پێێ ناخۆش دەبێت بەڵام ئەم نووسین و بەڵگەنامانە خۆیان دەدوێن و لەکۆتاییدا هەموو ماڵێک دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی بنەڕەتی و ڕاستەقینەی خۆی و داگیرکاری و بیری کۆنەپەرستی و شۆڤێنیستیش بۆکەس ناچیتە سەر . داگیرکردن و چەوساندنەوەو زوولم و ستەمی تورکیاو ئێران و سوریاو عێراق و دەووڵەتە موسوڵمانەکانی کەنداوی عارەبیش هەتاسەر نابێت بەرامبەر بەمیللەتی کورد .

بابەتێکی تری گرنگ لەباسەکەماندا جێدەکەینەوە بۆ دەووڵەمەند کردنی ووتارەکەمان و بەپێزکردنی مێژووی کوردو ڕەش کردن و پیشاندانی بیری دووژمنکارانەی دووژمنانی کورد ئەویش زوولمێکی تری دەسەڵاتی عێراق دەسەلمێنێت بەرامبەر کوردو مرۆڤی عێراقی ، لەسەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیدا لەسەردەمی فەیسەل پاشای دووەم ( الملک فيصل الثاني ) کەئەویش ئاگادارکردنەوەی زۆربەی جولەکەکانی عێراق و بەتایبەت جولەکەی کەرکوک و خانەقی و بەغداو ناردنەوەیان بۆ ئیسرائیل لەدووای جەنگی جیهانی دووەم ( ١٩٤٧ ) کەژمارەیان پتر لە شەش هەزار ( ٦٠٠٠ ) کەس دەبوو بەهۆی کێشەی فەلەستینەوە کەبیانویەکی زۆر نایاسیی و نامرۆیی بوو چونکە جولەکەی عێراق پەیوەندی نەبوو بەکاری ڕامیاری ئیسرائیل و فەلەستینەوە . ئەم بابەتی ناردنەوەیە زەرەرێکی تربوو لەگەلی کورد کەوت چونکە زۆربەی جولەکەکانی عێراق کوردبوون و بەوەش میللەتی کورد زەرەرمەندبوون لەباری ئابووری و مرۆیی و سەرژمێری یەوە چونکە زۆربەی زۆری جولەکەکانی عێراق بەتایبەت جولەکەکانی سلێمانی و کەرکوک و خانەقین و موسڵ و شەنگال مخابن کوردبوون و دەووڵەمەندیش بوون.



Hamid٧٧٣@hotmail.com

ماویەتی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com